وەزیری داد ڕێنمایی دا بەجێبەجێکردنی داواکارییە مرۆییەکانی زیندانیان

ئەمڕۆ شەممە"خالد شوانی" وەزیری داد ڕێنمایی دا کە داواکارییەمرۆییەکانی زیندانییەکان جێبەجێ بکرێن.

وەزارەتی داد لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- کە خالد شوانی " وەزیری داد بەیاوەری "زیاد تەمیمی " نوێنەری باڵای مافەکانی مرۆف ،سەردانێکی مەیدانی بە بەشی زیندانیانی (ڕەسافات) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی عێراق ئەنجامدا.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- لە میانەی گەشتەکەیدا بە ناو هۆڵەکانی زیندانەکان، وەزیری داد لە بارودۆخی زیندانییەکانی کۆڵیەوە و ڕاستەوخۆ گوێی لێگرتن، هەروەک ڕێنماییشدا کە داواکارییە مرۆییەکانیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان جێبەجێبکرێت.

هەر بەپێی بەیاننامەکە وەزیری داد لە درێژەی سەردانەکەیدا : گوێی لە داواکاری ژمارەیەک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیەکە و تێبینییەکانی ستافی کارگێڕی گرت، کە پێشنیار و داواکان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای دەزگای چاکسازی بوو بەگوێرەی بەرنامەی چاکسازی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆف بەرامبەر بە زیندانییەکان.